(ئاڤارێك لەتەمەنم)

لەكامەلانەی خۆشەویستی دانیشم

پێش ئەوەی ونبم

لەكامە سۆزی دلان پشوێك بدەم

پێش ئەوەی ئاوابم

بۆكامە پەروانەی عەشق بسوتێم

پێش ئەوەی فەنابم

تاڤگەكانی عەشقی ون بوون و

نافوورەكانی میهرەبانی فەنابوون

خەریكە لەنێوم ئەبەن

لەبیرتە لە دواین ژوان

چەند بەبەرائەتی گوێمان گرت

لەئاوازێكی نامۆی لەون بوون

هەناسەیەكی قولی دابران

خۆ شیعرە چاو بەفرمیُسكەكانی

عەشقیشم هەر لەو ژوانە بۆ

ساتەكانی تەنیایی لەیادم كرد

ئێمە چووبووین بۆ ئەوەی

خامۆشی وتەنیایی ساتەكانی تەمەنمان

لەنێو بەرین

نەوەك شەوە رۆشنەكانی عەشقیشمان

لەدەست بدەین

سكككككككككككككككككارێژ زیاد